# چی بڵێم ؟

چی بلێم ئەگەر کەوی کۆساران ..
هەڵتوتکا لەلام وەك جاری جاران
تا بقاسپێنێ بۆ جوانکاران ؟
چی بڵێم گەر دی هەوارگەی یاران
چۆلە لەبەزمو ڕەزمی نیگاران ؟
چی بڵێم ئەگەر دانی ئێواران هەڵتوتکا لەلام وەك خەفتباران ؟
بلێم : ئەستێرەم وون بوو لەئاسۆ ؟
یا بڵێم ڕەنجم ڕۆیە بە فیڕۆ ؟

* * *

چی بلێم ئەگەر پەری هۆگرم
ڕاوەستا لەئاست پەیکەری سڕم
دیمی وەك لاتان کەساسو کڕم
ماتو مەلولو دەبەنگو مڕم
بێتاوو خاوو شێواوو شڕم ؟
چی بڵێم ئەگەر لەسایەداران دیمی لەوێنەی ئاخەفتیاران ؟
بلیم ئەی شۆخە پەری لەبەر تۆ
هەلۆەریم باخود بلێم لەبەر خۆ ؟

* * *

چی بڵێم ئەگەر هاودەمی ڕازم
هاتە کەیفگەی سەنتوڕ و سازم

تـاكـو دانـيشێ لەگـەڵ دڵخـوازم
بـگـێـرێ بـادەی نـازو نـیـازم
چی بڵێم گەردی كۆشكی هەورازم ..
بۆتە لانە بۆ درندەو هاران    نە نەی ژەن ماوە نە ژەنـەی تاران ؟
بڵێم لاوی‌یـەتیم هێدی لەسـەرخـۆ
ڕۆیی ، یا بڵێم : دەم لێ بووە نـۆ ؟

چی بڵێم ئەگەر گۆیندەی دەنگ‌خۆش
هـاتە خـەونگەی زایـەڵەو خـرۆش
زانی دووزەڵەی ئـاوازی بە جـۆش
نقووم بویتە نێو خەفەتی ڕەش پۆش
نە دل تێر ئـەكا نـە موچـرك‌و هۆش
نە دێتە خرپە لەگـەڵ هوزاران    نـە فێنك ئـەكا كـامی هەژاران ؟
بلێم ئـەندێشـەم وەك گوڵی شـەوبۆ
ووشك بوو یاخود مـامەوە بێ بـۆ ؟

چی بلێم سـودی چی‌یـە گـرو گـاڵ
دووپـات كـردنی پسیـاری بـەتـاڵ
بـڕگە پێـوان‌و سروش‌و خـەیـاڵ ؟
بۆچی ڕاست نەلێم بێ درۆو فیشاڵ
جوانەمەرگێكی تەمەن «حەڤدەساڵ»
شەرابی ڕیشتم لە مێرخوزاران  تەنیا جێ‌ی هێشتم وەك شەرمەزاران
بـۆ وا نەبم بـۆ ؟ بـۆ بكـەم درۆ ؟
كاتێ لەگەڵ‌خۆ ؟ كاتێ لەگـەڵ تۆ ؟

پیرمام : ١٩٥٥

## سکاڵای باڵندەیەك

باڵندەیەك بووم بۆ بەختیاران
جریوەم ئەهات لەلای باڵندان
لەپڕ ڕاوکەرێك لەشێوەی هاران
ڕاوی نام بەرەو دۆڵی دڕندان

● ● ●

هەرچەند خۆم ئەدا پەنای زیخو چەو
تاکو بزربم نەبینرێم بە چاو
بەڵام ڕۆژکیان کە هەڵسام لەخەو
دیم هەر دوو قاچم بەستراون بە داو

● ● ●

لەباتی قوڵلەی باخی بێ خەپەنگ
باینژەی قەفەس بووە جێنیشتەم
ژوورم لەزیو بێ یا لە زێڕی شەنگ
گۆڕیچەیە بۆ ئەم لەشە قشتەم

● ● ●

کێ سەیرم بکا ئەبینێ باڵم
شکاوە ، پێڵوم بوویتە گۆمی خەم
نە چریکەم نە چاوگەی خەیاڵم
هەڵ ئەقوڵێ ، نەڕۆژ دیارە نەتەم !

ئـێـسـتـاکـە لالە لە چـیـمـەنـزاری
ژاکـاوە چـونـکـە دوورە لە هـەسـتـم
هـەنـگـی قـاوەیـی لە مـێرخـوزاری
ئـەنـاڵێنێ بـۆ شـیلەی هـەڵبـەسـتـم

● ● ●

پـەپـولە ڕەوڕەو لەدەوری گـوڵان
ئـەلەرزن چـونـکـە نـابـیـنـن وێـنـەم
ڕێـژاوی ڕۆنـی بـەهـەشـتـی چـلان
بـۆم ئاوێـنـە بـوو ، کـوانێ ئـاوێـنـەم ؟ !

● ● ●

فـریشتـەی شـۆخـی شیـعـرو دڵداری
ڕەش پـۆشـە لەئـاست چـلێ جـۆلانـەم ؟
تـۆ بـڵێی دیـسـان لەسـایـەداری
جێی خـۆی بلندکـا عـەرشی هێـلانـەم ؟

● ● ●

شـەوبـۆ لەئـاستم وەك شـۆخـەپـەری
ئـەدرەوشـایـەوە وەکـو شـەوچـرا
کـوانێ ؟ لەکویێ مـا گـەڵاو سێبـەری ؟
گـەڵای هـەڵوەری‌و سـێـبـەری بـڕا !

هەر شوێنێ ئەمڕۆ لەهەواری من
چۆلە لەشێوەی دەروونی چۆڵم
سەرنجێ بەرن بۆ گوڵزاری من
نەگوڵزار ماوە نەگیاو گوڵم

● ● ●

نە لاسکی لاولاو ، نە چڵی نەخشاو
لێکتر ئالاون وەکوو «مەموزین»
نە شەونم وەکو لولوی درەوشاو
گەردانەیە بۆ وەنەوشی چینچین

● ● ●

نە تافگەی زیوین نەڕێژگەی گەشی ،
نە جۆگەڵەی پڕ شەپۆلی شادی
ئاسۆم داپۆشرا بە هەوری ڕەشی
کوانێ پڕشنگی خۆری ئازادی ؟

● ● ●

سەراسەر بیشکەی تافی ڕابردووم
گۆڕاوە هەر وەك ڕەنگی گۆڕاوم
ئاخ لەبەر ژانی زامی یەكو دووم
ئاخ لەبەر داخی جەرگو هەناوم !

بە کەزی وەکو کەزی بووگوڵان
بە ددان لولوی دەمی کڵۆڵان
بە ڕەوت و ئەندام ئاسکی مێرگوڵان
بە سینە بەفری کۆسارو دۆڵان
شێوەم نەدیوی لەنێو کچوڵان
سەرم سوورماوە نازانم تۆ کێی ،
لەبەرامبەرما وا ئەتروسکێی ؟

بە چۆپی کەمان ، بە هەڵپەڕکی ساز
بە لارو لەنجە مۆزیقای ئاواز
بە ئامێز ڕەزی هەڵوژە و ئینجاز
بۆ سروش مایەو هەوێن و نیاز
چی ئەفسوونێکی قوڵی لەهەوراز ؟[1]
سەرم سوورماوە ، نازنم تۆکێی ،
لەبەرامبەرما وا ئەتروسکێی ؟

● ● ●

بە پاکی وەکو شەونمی شەوبۆ
وەك زەردەخەنەی سەردەمی زاڕۆ
هەناسە بۆنی شەمامەو لیمۆ
تۆ شکۆفە من پاسەوانی تۆ
بۆ پێش خزمەتت ئەکەم هات و چۆ
سەرم سوورماوە نازانم تۆکێی ،
لەبەرامبەرما وا ئەتروسکێی ؟

● ● ●

ئاخۆ فریشتەی یا بووکی دەریای ؟
یا پەری‌زادەی زرینگو ووریای ؟
یا گوڵەندامی دووەمین دوونیای ؟
ڕەهێلەی یاخود گەرداوی زەریای ؟
لەدەشتو چۆڵو دەربەندو چیای ؟
سەرم سووڕ ماوە نازانم تۆکێی ،
لەبەرامبەرما وا ئەتروسکێی ؟

● ● ●

دلارامی من ، بێری شۆخو شەنگ
چەڵەنگی نەوەی خواناسی چەڵەنگ !
گەر بت دیبایە لە باخی قەشەنگ
لەزەوی‌وزاری پڕ پەپولەو هەنگ
خەرمانەی گەشت ئەدەی یاگەزەنگ ؟
من زانیم تۆکێی ، پێم مەڵی تۆکێی
ئەتو ئەندێشەی وا ئەتروسکێی ؟ !

● ● ●

هەولێر : ۱۹۵۷

---

(۱) ئەفسوون : سیحر

## هاتوومه دەرگات

هاتوومە دەرگات ئەی شۆخی دڵبەر
تا پێم ببەخشی ماچی دڵداری
تاکەی شامەلی گوڵشەنی هونەر
بخوێنی لەئاست ڕووی بەهاداری ؟
شەوو ڕۆژ وەکو «مەم»ی دەربەدەر
بناڵێنێ بۆ «زین»ی نازداری ؟
تاکەی ئاوا بێ
ئەی شۆخی دڵبەر ؟
چارەیێ بکە
بە زامی جگەر !

● ● ●

تا کەی لەشێوەی باڵداری کێوان
بوەستم لەوێ بەرامبەری تۆ ؟
لەگوڵشەنی سەوز ، لەڕزی مێوان
چاوم هەڵبڕم بۆ سێبەری تۆ ؟
ساڕێژە بۆ دڵ هەنگوینی لێوان ،
شیلەی بەتامی پڕ عەنبەری تۆ !
بێ ، پێم ببەخشە
ئەی شۆخی دڵبەر
چارەیێ بکە
بە زامی جگەر !

● ● ●

تا کەی لاویەتیم وا بەخۆڕایی
بسووتێ وەکو پوشی پەرێزم ؟
کەی بێ بنۆشم شەڕابی خوایی
لەدەستو پەنجەی پەری بەرێزم ؟
کەی بێ بەخێر بێی ئەی لە خۆبایی
کپی کەی گڕی ژانی بەپێزم ؟[1]
کەی بێ کپی کەی
ئەی شۆخی دڵبەر ؟
چارەیێ بکە
بەزامی جگەر !

● ● ●

کاتێ ئەتبینم چرای ئاڵو واڵ
ئەدرەوشێتەوە لە دەورو پشتم
سەدان چریکەی بەهەستو خەیاڵ
ئەیرێژمە گوێی شەماڵی دەشتم
هێندە نەماوە بگرم پەڕو باڵ
لێرەدا ، لەئاست باخی بەهەشتم
تا ماوم لەژین
ئەی شۆخی دڵبەر
بۆتی ئەرێژم
چریکەی هونەر !

● ● ●

شەقلاوە : ١٩٥٢

---

(١) بەپێز : بەهێز

# بەلەنجەی

بەلەنجەی ، بەڵێ گەڵێ بەلەنجەی
بۆ شەوی شادیم نەی‌و کەمەنجەی
شیرازەی نەخش‌و نیگاری پەنجەی
شایەستەی بەری ئەم هەوڵ‌و ڕەنجەی
بەلەنجەی ، بەڵێ گەڵێ لەنجەی
بووکی خەیاڵی ئەم شۆخە گەنجەی !

● ● ●

هەتاکو ماووم دیلی باڵاتم
پەروانەی باخی ئاڵ‌و واڵاتم
خاکی ژێر چەکمەو تۆزی کاڵاتم
هەتا هەتایە لە سکاڵاتم
چونکە بەلەنجەی نەوای کەمەنجەی
ئومیدی باڵای ئەم شێتە گەنجەی

● ● ●

ئەی نەوەی (کەی)و (زەند)و (میدیا)م
ئەی شەنگە بێری نێو مێرگ‌و گیام
بێ دابنیش بەرامبەر چیام
بێ گەر بێت‌و بێی گەڵی دڵنیام
بێ تاکو بڵێم : گەڵێ بە لەنجەی
ئومێدی باڵای ئەم شێتە گەنجەی

خاتری یەزدان چی سوورە گوڵی ؟
خونچەی کراوەی سەر کامە چڵی ؟
چریکەی زاری کامە بولبولی ؟
بروسکەی گیانو پەیامی دڵی ! ...
لەشێوەی پەری بە لارو لەنجەی
بۆ زەماوەندم نەیو کەمەنجەی

● ● ●

هەر لە ئێستاوە دوو ئەنگوستیلە
لەنێو دوو قودی خڕو خنجیلە
ئامادەنە بۆ شەکراواو شیلە
بۆ گواستنەوەی شۆخی قشتیلە
بە خۆکەوە دەی ، بووکی ئەگلەنجەی
بۆ کامەرانیم نەیو کەمەنجەی

● ● ●

چی جادوویەکە لە بەرامبەرم
ڕام ئەکێشێ بۆ ئەندێشەی نەرم ؟
چی ئەفسونێکە بە تیشکی گەرم
لائەدا ژانی گیانو جگەرم
بێگومان تیشکی تۆیە بە لەنجەی
ژەنەی بەتامی نەیو کەمەنجەی

● ● ●

دە هـەڵسـە هـەڵسـە لارو لەنجـەکـەت
ببـەخشە هـەستو نەستی گـەنجەکـەت
گیـانم بە سـاقای دەستو پـەنجـەکـەت
بـە فیـرۆ نـەدەی هـەوڵو ڕەنجـەکـەت
لەحـەزا ، چـونکـە بـە لارو لەنجـەی
لابـەری خـەم وئێشو ئـەشکـەنجـەی

● ● ●

چـەند خـۆشە یـاریو گەنجـەفەو گـەمە
لەوێـدا ، لەلای ئـەو ڕەزو چـەمـە
هـەر چـەنـد دەربـڕم هـەر بڵێم کـەمـە
ئـەبێ زیـاتـر دەربـڕم لەمـە
چـونکە بـە لەنجەی ، نـەقامی پـەنجـەی
بـەزمگـەی بـەیو نـەیو کـەمـەنجـەی

● ● ●

ڕاوەستــە مـەڕۆ ، ئـەی شـەوچـراخم
بـۆتـی هـەڵڕێـژم سـکـاڵای نـاخـم
ووشـەی قـەشـەنگی بـە ئـاخو داخـم
ڕاوەسـتـە لێـرە بـەرامـبـەر بـاخـم
تـاکـو زیـاتـر بـڵێـم بـە لەنـجـەی
بـەهەشتی دەشتی ئـەم تازەگـەنجـەی !

● ● ●

شەقڵاوە : ١٩٥٥

# لەگەڵ تۆمە

لەگەڵ تۆمە پەریزادەی تەلاری باخی ڕەنگاو ڕەنگ
لەگەڵ تۆمە تریفەی مانگی ئاواتی منی بێ دەنگ
لەگەڵ تۆمە دلارامی پەپولەی سەر پەڕی لالەنگ
لەگەڵ تۆمە وەلامی،ئەی گوڵەندامی بەهەشتی شەنگ
هەتاکەی هەڵگری باری کەسەر بم دانەنێم باری ؟
هەتاکەی وا بەناچاری بنۆشم ئەشکی بێزاری ؟

● ● ●

هەتاکەی گێژ و بێ هۆش بم لەچنگ ئازاری بێ دادم؟
هەتاکەی ئاوا سەرخۆش بم لەئاست شۆخی پەری زادم؟
هەتاکەی ئەمخەیە کێوان وەکو «شیرین»ی «فەرهاد»م؟
هەتاکەی بەندە بم سەروەش بڵێم:سەربەست و ئازارم؟
هەتاکەی چەرخی دەورانە نزیکم کا لە بازاری ؟
هەتاکەی دەست بەگیرم کا لەداوی زامو ئازاری ؟

● ● ●

لەکوێما ما ئەومەلەی دوێنێ کەنیشکی ڕوو بە خاڵی دی؟
لەیالان بوکی ئەندێشەو قەرالیچەی خەیاڵی دی ؟
لەکوێ ما ئەو دڵەی دوێنێ سەماگاو ڤیستەڤاڵی دی؟
لەئاسۆ پەڵکەڕەنگینەو بڵێسەی ئاڵو واڵی دی
لەکوێما ؟ کوا نەیو تاری بەزمگەی پارو پێراری ؟
لەکوێما تا نزیکی کەن لە هێلانەی گیاجاڕی ؟

● ● ●

گوزاری تۆ لەنێو دڵدا هەتا ماوم فیگارێکە[1]
هەتا ئەمرم لەموچرکم بروسکی یادگارێکە
گزنگی ڕەنگی بێژەنگی گزنگی ڕووی نیگارێکە
وەکو خەرمانە بێ تانە ، لەسازی سازگارێکە
هەتا ماوە لە گوڵزاری ، لەڕێژگەی زیو ڕووباری
ئەچریکێ بە یادی تۆ لەیانەی بێ دڕو خاری

● ● ●

وەرە با بۆن بکەم بۆن و بەرامەی زوڵفی داوداوت
وەرە باڵی شەوم لادە بە پڕشنگی درەوشاوت
وەرە ساتێ دڵی لاوم بئاڵێنە دڵی لاوت
وەرە تۆبی خودا ساتێ ببینم بەژنی ڕازاوت
وەرە تاکەی بە دڵداری ، بە گیانی پڕ لەزاماری
بپێوم چۆڵی ساکاری ، بنۆشم ژاری شەوگاری ؟

● ● ●

وەکو ئاوارە ، وەك وێڵێ بژیو دوور بێ لەهۆزی خۆی
نەبێ کەس تێ بگا ڕازی میرازی شیوەن و ڕۆڕۆی ؟
نەبێ کەس بێتە هاوڕازی ژیانی پڕ لە ژان و سۆی
نەبێ ڕۆژێکی وا تاکو گەشی کا ڕوومەتی شەوبۆی
نەبێ هیچ دەنگی پیرۆزێ کە لادا زام و ئازاری
نەبێ هیچ ڕەنگی هاوسۆژێ ببێتە پێچو تیماری !

● ● ●

هـێـشـتـا لەتـاوی ، ئـاوا ژاکـاوی
ئـاوا گـەچڵاوو هـەڵـبـزرکـاوی
ئـاوا مـەلولو ڕوو پـەشـۆکـاوی
بێتو خـەزان بـێ بـە بـای نـاکـاوی
ئـەوسـا چی ئـەکـەی بـۆ کـاتی لاوی ؟
بـۆ خـونـاوو بـۆ بـۆنـی گـوڵاوی ؟

● ● ●

وات زانی لالەت بـەڕووی قـەشـەنگـی
کـوڵـی هـەلاڵەت بـەخـۆیو هـەنگـی
پـەیکـەری بـاڵات بـە ڕەگو ڕەنگـی
ئـەمـینـێـتـەوە لەشـۆخو شـەنـگـی
هـاتو خـۆت پـارێـزت لەمـاچی لاوی
لەخـۆشـاوو لە بـۆنـی گـوڵاوی ؟

● ● ●

خۆت پارێـزیت لەماچ بـا نەپـارێزیت لێی
لاویـەتـیت ئـەڕوا وەك ئـەڕۆیو دێی
خێـراکـە زووکـە تـاکـو لەسـەر پێی
تـۆڵەت بـسێـنـە لەچـی ئـەتـرسێی ؟
دە خـێـراکـە دەی تـاوەکـو لاوی
تـاوەکـو چـاوگـەی بـۆنو گـڵاوی
بـەوبـەخت تـۆزی ئـەم خـاکـە ڕەشـە
(فـەرهـاد)ی کـۆكو (شیـرین)ی گـەشـە
یـا (مـەم)ە یـاخـود (زینی) بێ بـەشـە
یـا (قەیس)ە یـاخود (لیـلا)ی ئـاتـەشـە
بـۆ (یـوسف) نـەمـا نـەمـامی لاوی[٢]
کـوانی ، لەکـوێـیـە بـۆنی گـوڵاوی ؟

چەند لێوی ئاڵ و چەند چاوی ڕووناك
چەند قژی کاڵ و چەند دڵی بێباك
چەندەهای وەکو (بەلقیس)ی ڕووپاك
هەڵوەڕین وون بوون لەنێو سکی خاك
هەر بۆ نەمانە هەنگاوی لاوی
کوا (سلیمان) کوا بۆنی گوڵاوی[٣]

● ● ●

وەرە وەك شەوبۆ و هێرۆ و گوڵاڵە
وەکو نێرگز و مێخەك و لالە
بە نەی و مەی و بەی و پیاڵە
لێرەدا لەئاست ئەم کێوە زاڵە
بە بەر با بدەین خەفەتی لاوی
تێربین لەدونیاو بۆنو گوڵاوی

● ● ●

لە تاق تەمەن بۆ کزەی تەمەن
بۆوا ئەناڵی خورتیلەی ڕەبەن ؟
وەرە دانیشە بەرامبەر گوڵشەن
سەیرکە وێنەی گوڵو یاسەمەن
چ بەهارێکە لەتاف لاوی ؟
دە لابە چەژی خەمو تاڵاوی !

● ● ●

هەولێر : ١٩٥٧

# شەبەق

شەبەق دیارکەوت وەك پەری
لەئاسۆی بەرزو بێ پەڕی
بولبول لەهێلانەی تەری
لەشەقەی دا باڵو پەڕی
فڕی بەرەو مژدەدەری
بەرەو شادو بەختەوەری
لەوێ ؛ لەسایەی سێبەری
چرپاندی بە گوێی دڵبەری
شەبەق گزیدەی گەوهەری ڕژاندە سەر دەشتو دەری
هەڵسە گیانەکەم ئەی پەری
نەما شەوی کوێرەوەری !

هەڵسە لەخەو جوانی نەو
هەر وەکو منو ئەمو ئەو
گوێگرە ، قاسپەقاسپی کەو
گرەو ئەکەمهەزار گرەو
لەجیاتی ئاوو زیخو چەو
بە تۆ خەونیدیوە بە شەو
بۆیە قسەی ئاوا پتەو
ئەخاتە گوێی گوڵی قەڵەو
بۆیە بە کێشو لەنگەری بانگ ئەدا بۆ دەورو بەری
هەڵسە گیانەکەم ئەی پەری
نەما شەوی کوێرەوەری !

لەوێ لەسەر مێرگو گیا

لەسەر چەمی جیا ، جیا
فرندە ڕووی کردە چیا
لەجێی شەوی ڕەش و سیا
گزنگ وەستاوە ، دڵنیا
وەك نۆتە ، وەك سیمفۆنیا
دە هەڵسە ئەی ئەوەی ژیا
لێرە بەبێ فێڵو ڕیا
بڕوانە ڕەنگی ئەختەری ، تریفەی چاوی بێ زەڕی
هەڵسە گیانەکەم ئەی پەری
نەما شەوی کوێرەوەری !

حاجی ئۆمەران : ١٩٥٥

# هێشتا نەفامی

ئـەرێ ڕێـکـەوتــە ، لەچـەقی ڕێـگـام
ئـەوەستێ شـۆخو شــەنگی دڵـنیـام ؟
ئـەرێ ڕێکـەوتــە وا تــووشم ئـەبـێ ؟
یاخۆ بـە ئەنقـەست دێتە سـەر شەقام ؟
چـاوم هـەڵئـەفـرێ بـۆ چـاوی کـاڵی ،
لێـوم ئــەلەرێ بــۆ لیـوی بــەتـام
نــەوای بـابـوجـی دەنـگ ئـەداتـەوە
لەبــەر گــوێم وەکــو نــەوای مــۆزیقـام
چــواریــنـێـکـی وام پــێ دادەهـێـنـێ
گــرنـگـتــر بـێ لە چـواریـنـی خـەییـام
پــەرچـەمـی سیـای هـێـنـدە سـیـایـە
ئــەڵێی چـنـراوە لە بــەخـتـی سـیـام
بــۆنو بــەرامــەی ئــەوەنــدە خـۆشـە
ســەرخــۆشم ئــەکــا بێ ئـارەقو جـام
بــرژانــگــی چــاوی تــیـری کــەوانــە
لەبـۆسـەدایـە بــۆ دڵی شــەیـدام
گــوڵاڵەی گــۆنـای ئــەدرەوشـێـتـەوە
وەکــو گـوڵاڵەی دامـێـنـی چـیـام
لێـوی هــەر وەکــو پــەلکـە سێـوی ئـاڵ
دیـارە،وەکــو گــولێـکـی بــەر «بـا»م
بەلەنجە لەنجـەی ئاسکی ئێـسـك سووك
بــە پــەنجــە پــەنجـەی بــووکی دڵارام
بــە بـزە بــزەی ســەر لێـوی زارۆ
بــە لەرە لەرەی قــەدی نــەونــەمـام

چی نارنجێكو چی تورنجێكه ؟
چی پرتەقاڵو لالەنگیو شەمام ؟
تاجی جوانی خۆی خاوەنیەتی
پایتەختی كونجی گیانی بێ «ڕیا»م !
كاتێ كە خوێندن كۆتایی پێدێ ،
لەقوتابخانە نامێنێ دەوام
ئەبینم ئەڕوا بە تاقو تەنیا ،
تەنیا هەر خۆیو سێبەری بە سام
لەشێوەی زەری نێو تارای زیوین
لەشێوەی پەری بەهەشتی «خودا»م
هێواش لەسەرخۆ لائەدەم بۆلای
ئەویش لەسەرخۆ لائەدا بۆ لام
بە تیلەی چاوی ڕاپێچم ئەكا
بەرەو جیهانی سروشو ئیلهام
ڕام ئەگرێ لەسەر هەستێكی نەرم
نەرمتر بێ لە ئاوریشمو گیام
ئەو من ئەناسێ لەنێو شاعیران
شاعیرێكی چۆن بەتینو توانام ؟
چۆنە بەرماڵو بەڕی نوێژگەم ؟
چۆنە بانیژەو بانی پەرستگام ؟
چۆنە ناوبانگم لەنێو كچۆڵان ؟
چۆنە ڕەوشتو ئابڕوو حەیام ؟
پەرۆشی كام بەی ، نەخۆشی كام مەی ؟
خرۆشی كام نەی جۆشی كام «سێگا»م ؟
ئەو چاك ئەزانێ بەرگی سەرینم
چی لەنیوایە ؟ چی نامەو پەیام ؟
چی پەخشانێكم داناوە لەگڕ ؟

چی هەڵبەستێکی بە ئەشکەنجەو زام ؟
نیگاری کامە گوڵەندامی شەنگ
هەڵواسراوە لەژووری تەنیام ؟
نووسراوی کامە دڵدزێکی شۆخ
حەشاردراوە لە کەلێن جانتام ؟
بەڵام - مەخابن - من ئەو ناناسم
نازانم کێیە فریشتەی ناکام ؟
چۆن بۆی هەڵڕێژم سکاڵای دڵم ؟
چۆن بۆی دەربڕم ئاواتو هیوام ؟
چۆن بۆی بنووسم ژمارەی تەلم
یا ناونیشانو ژمارەی دەرگام ؟
کێیە ئەو باوکەی کە دای هێناوە
بۆ بەختیاریو جوانیی دونیام ؟
کێیە ئەودایکەی شیری پێداوە
تا ئامادەبێ بۆ ڕۆژێکی وام ؟
کێیە ئەوکەسەی کە ئەی پارێزی ؟
کێیە ئامۆزاو براو خاڵومام ؟
ئەی دڵ وەڵامێ لە کام چنارێ
تاشاوە باڵا وەڵامێ وەڵام ؟
ئەوە ندە شۆخەوە کووپەروانە
لەدەوروبەری گەڕام وسوڕام
شێوەم نەدیوە لە نێو جوانان
لە ناوڕەسەنی «زەند» و «میدیا»م
دوێنێ بەیانی وە ستام لەڕێگا
تا ئارەقەی ڕەش ڕژایەسەرپام
ووتم : ئێ ، بەلکو بینینێ ئەبێ
سەرنجێ بەڵام نەهاتە ڕێگام

ئـەی شەنگـەبێـری نـەختێ لە سـەرخـۆ
کـەمێکـی مـاوە بگـەیـن بـە ئـەنجـام
هێشتـا بە ئـەندام خـونچەی نـەکـراوەی
ڕاوەستـە تـاکـو گـەش ئـەبێ ئـەنـدام
ئـەوسـا بـەخـەنـدە لەیـەکتـر ئـەگـەن
نـیگـامو نـیگـات ، نـیگـات و نـیگـام
دڵم لێئـەدا بـۆ بـۆنـی جـێگـات
دڵت لێ ئـەدا بـۆنـی جـێگـام
ڕەچـاوبـە تـاکـو دوو سێ سـاڵی تـر
تـۆ هـەراش ئـەبی منیش هـەر ئـاوام
ئـەوسـاکـە شـاییم بـۆتـۆ ئـەگێـڕێ
بـۆ تـۆ لێ ئـەدرێ دەهـۆڵ و زوڕنـام
گـەر بەمن نـەبێ شوو بـە کەس نـاکـەی
بـەرهـەمی شـۆخیت دێتـە بـارەگـام
حـەز وەهـا نـابێ وەکـو ئێستـاکـەت
هێشتـا خـورتیلەی نـەفـامی نـەفـام

کەرکوک

---

(١) سێکا : وەکو (نەهاوەند) و (بەیات) نەوایەکی ڕۆژ هەڵاتی یە .

# بێنە

بێنە بۆم تێکە ئەی مەیگێری مەست
قومێ لەم مەیە ؛ لەشەڕابی خەست
گەر خەستە ؛ من خۆم پەرۆشی خەستم ،
گەر هەستە من خۆم حەز ئەکەم لە هەست
من لەژیانا ، لە چۆڵیەکام
ئەمبڕێ وەکو نەشتەرو مقەست
چەند چاو ئەگێڕم چیم نایەتە چاو
چەند دەست ئەگێڕم چیم نایەتە دەست
نەچەم ، نە هاودەم ، نەبەرهەم هەیە ،
نەنەی ، نە ئۆخەی هەیە ، نە هەڵبەست
بێجگە لەدەنگی نیهادی پاکم
نایەتە بەر گوێم دەنگی بێ مەبەست
ڕەشەبای ئاکام ئاواتم ئەبا
بەرەو کەلاوە ، هەر بە پاڵەست
ڕۆژ لەنێو ئاسۆ خوێن لێی هەڵئەقوڵێ ،
خورخور دێتە خوار وەکو ئاوی بەست
قرچەی هەتاوی بیابانی ئاڵ
گەشکە ئەگرێ بە گەردەلولی پەست
ئەستێرەی گەنجیم لەئاسۆی تەمەن
ئاوابوو شادیم هەڵفڕی لە دەست
بە تەمەن (چل)م ، بەلام لەسەر شان
هەڵمگرتووە چەکمەسەری (شەست)
بێنە ئەی مەیگێر دەستم دامێنت ،
بێنە مەستم کە بەمەیەکی مەست

وا چاکە تاکو کۆچ ئەکەم لەژین
بڵێم : دەربەست نیم بەژینی دەربەست
لەبیرکەم خەمی کاتی ڕابردووم
بە نەوای (سەبا)و (نەهاوەند) و (ڕەست)
بێنە ئەی مەیگێر دەستم دامێنت
بەراستی ئەڵێم نەوەك بە ئەنقەست
بێنە خەرمانەم بگەشێنەوە ،
پەروانەم تێرکە لە ئەندێشەو هەست
بێنە بۆم تێکە ئەوەی کەماوە
تا بە تەواوی سەربەست بم سەربەست
ئەشکەنجەم هێندە زۆرە لە دونیا
فریای ناکەوێ لاپەڕە و پێڕەست
چاوەڕێی کەشتیکا حەزرەتی نوحم
لەوجێیەی کەوا تۆفانەکەی بەست

هەولێر : ١٩٧٧

# پرس و وون بوون

نـازانم چىيـه ؟ چـى له چـاوتـايـه ؟
شـتـێـكـه هـەردەم هـەولْم بـۆ دايـه
وون بم لەپـەنگـى گێـژەنگى شـەنگى
كـه وەك گێـژەنگى شـەنگى دەريـايـه
مـەستم بـه ئـاوات لەسـەر گـەمـىٚ
دەستكـردەى هـەستى پـەرى خـودايـه
ژوورى يـاقـوتـه ، نـەهـۆمـى لولو ،
پـەنـجـەرەى مـۆرى ئـاڵ و والآيـه
بـانـى ئـاوێـنـه ، دەروازەى بـەلوور ،
ديـوارى دورِى نـاخـى دەريـايـه
خـەڵاتـێكـه له داسـتـانـى «ڤـيـنـۆس»
گـەر بـەمـن نـەبىٚ بـەكـىٚ رِەوايـه ؟
ئـەى بائێسـەبـا ، ئـەى درەختى چرِ ،
ئـەى ئـەو مـەلەى كـه هـارمـۆنيـايـه
وەرن گـوىٚ دەنـه سـكـالآى دڵم
سـەيرى سيمـاى كـەن چى سكـالآيـه ؟
هـەست بە لێـدانى خـرِپـەى دڵ ئـەكـەم
كـه وەك لێـدانـى تـەپـڵو زوّرِنـايـه
دەريـا ئـەپێـوم قـونـاخ بـه قـۆنـاخ
هـامـرازم ئـاوه ، هـۆگـرم بـايـه
گـەمـيـم ئـەهـاژۆم ، بـەلام نـازانـم
رِىٚو رِووى گـەمـيم بـۆ كـامـه لايـه ؟
سـەرنـجـى رِێـگـا ئـەدەم بـه ووردى
ئـەبـيـنـم رِێـگـام هـەزار رِێـگـايـه

ئـەمـن پـەرۆشـم بـە دوای شـتـێ
قـوچـە ، لەشـێـوەی کـەژ و چـیـایـە
هەر ئاواش جـارجار بـەخۆم لەگـەڵ خۆم
ئـەدوێـم ، دووان گـەلێ سـانـایـە
ئـەپـرسـم ئـەڵێم : ئـەی دڵ پێم بـڵێ
چیـیـە ئـەو شتـەی هـەوڵم بـۆ دایـە ؟
جـادووە ؟ یـانـە ڕووی نـیگـارێـکـە ؟
لەسـەر زەوی‌یـە ، یـا لە حـەوایـە ؟
پـاکـە یـانـەخـۆ پـیس‌و چـڵـکـنـە ؟
چـاکـە یـانـەخـۆ گـەنـدو خـەرایـە ؟
جـارجـاریش تـەنیا لەژووری گـەمیم
ئـەوەسـتـم ژوورم بـەبـێ سـەدایـە
پـێلوم دائـەخـەم تـاکـو ئـەو ڕەنـگـە
ببـیـنـم کـە وەك ڕەنـگـی چـرایـە
بـەڵام تـەنـانـەت ڕەنگـی دیـمـەنم
ئـەبـیـنـم کـەوا تـاق‌و تـەنـیـایـە
هـەرچـۆن بێ ئـەبێ بگـەم بـە ئـاوات
ئـەگـەر چـی پـەرت‌و جـیـا جـیـایـە
ئـەی تیشکی ئەوین،ئـەی مـۆمی هیـوا ،
ئـەی ئـەوەی خـۆری شـەوی دونیـایە
ئـەبـێ بـزانـی ڕێ‌و ڕووی گـەمـیم
بـۆ تـۆیـە ، بـۆتـۆ ڕەنجی ڕێـم دایـە

هەولێر : ١٩٥٩

# لەش فرۆش[1]

هاتە لام ووتی : باڵای لاولاوان
وەك باڵای منە بوێژی لاوان
نەونەمامێکی قنجو قەشەنگم ،
ڕواوم بە بۆی میسك و گوڵاوان
نیوۆقەدم وەکو شەنگە بێکە
چینرابێ لەدەم زێو شەتاوان
ووتم : ڕاست ئەڵێی ، لەلای تۆ وایە ،
بەڵام وانی‌یە لەلای پیاوان
شانازیت نەیێ کەوا باڵاکەت
باریکە وەکو باڵای ڕواوان
ئەبوا گران بوای ، وەك زیڕی تێزاب ،
ئەبوا بەناو بوای لەلای بە ناوان
ووتی : چاویشم وەك گەلاوێژە
سەیرکە چاوم وەك هەندێ لاوان
ووتم : ڕاست ئەڵێی وەك ئەڵێی وابوو
بەڵام کەوتە ژێر پاژنەی پێڵاوان
نەسەنگی ماوە نەڕەنگی شەنگی
دیارە ، وەکو ڕەنگی ڕازاوان
لەوێدا لەلای جەستە فرۆشان
چواندت ، هەمووت دا بە دراوان
ووتی : برژانگم وەکو تیر وایە ،
برۆشم کەوان بۆ هان دراوان
ووتم : ڕاست ئەڵێی برۆ کەوان بوو ،
برژانگیش تیری دڵو هەناوان

ووتی: ئەگریجەم وەکوو شەو وایە
داوێـکـی نـادەم بـە هـەزار داوان

ڕەنگی هـەر وەکـو ڕەنگی ئـەبـەنـووس
دیـارە لەژێـر کـۆفـو کـڵاوان

ووتم : ئـا ، بـەڵام وا ڕەش نـە ئـەبـوو
ئـەگـەر نـەتنـایـە نیـۆ چڵکی تـاوان

ئـەمـە ڕەشـایـی ئـارەزووی ڕەشـە
دیـارە ، بـیـدە ڕەش هـەڵگـڕاوان

ووتـی : دڵیـشـم مـەلی ئـەڤـیـنـە
لێـرەدا لە ئـەئـاسـت چـەمو ڕێـژاوان

ووتـم : ئـەزانـم وەکـو مـەل وایـە
بـەڵام ئـەنـیشێ لەسـەر زڵکـاوان

ووتـی : دەمـیـشـم وەك دەمـی هـێـرۆ
تـوانـج ئـەگـرێتـە دەمی نـەخشـاوان

ووتـم : ئـا وابـوو بـەڵام ئێـسـتـاکـە
زەرد بـووە ، وەکـو دەمـی سـوتـاوان

ووتـی : کـوڵمیـشم خـوێـنی گـولانـە ،
بـڕوانـە خـوێـنـی گـوڵی گـوڵاوان

ووتم : ئـا ، گـوڵە ، بـەڵام ـ مخـابن ـ
بـۆنـی ڕەوایـە بـە نـاتـەواوان

جـوانیت هـەر دەم بـەدەست ئـەم ئـەو
گـەچـڵاوە ، وەی لە فیـلی گـەچـڵاوان

ووتـی : گـەردنم عـاجـی بـەهـەشتـە
ئـاوێـنـەیـە بـۆ ئـاخ هـەڵکێشـاوان

ووتـم عـاجـی چـی ئـەبـێ وا بـلێ ی !
کـوا عـاجـە ؟ بـیـدە دانـەمـرکـاوان

ووتی : نێـو سینـەم چـرای ڕووناکـە
لەژووری چـرا دانـەگـیرسـاوان
ووتـم: ئا وابـوو بـەڵام ئـێـسـتـاکـە
تـاریـکـە وەکـو گـۆڕی نـێـژراوان
ووتی : مـەمکـۆڵەم وەك هـەنـار وایـە
چـیـت لەهـەنـارە یـا لەخـۆشـاوان ؟
ووتـم : وەك ئـەڵێ ی هـەنـارە ، بـەڵام
شـۆڕبـوویتـەوە نێـو نـاخی گـۆمـاوان
ووتی : قـاچیشم بـە قـاچی «ڤێنـۆس»
نـاسـراوە لەلای پـۆلی نـاسـراوان
ووتـم : لەقـاچی ئـەو جـوا نـتـر بـوو
بـەلام ـ مـخـابن ـ داتـە حـەسـاوان
ـ کـەئەمـانەی بیست ژنی شـەوی سوور
ڕوانـی بـەرە و دۆڵێ فـەوتـاوان
ووتی : لەبـەرچی بـۆ وەهـام لێ‌هـات ؟
ووتـم : کـەوتـیـتـە نـێـو فـاقو داوان
گـەر نەگـەڕابـووای لەدەست ئـەمو ئـەو
ئـەدرەوشـایـتـەوە وەك درەوشـاوان
هـەر کـەسێ بـە دڵ ، بـەڕەوشتی پـاك
جـوان و شـەنـگـە ، نـەك بـە دراوان

هەولێر : ١٩٦٤

---

(١) لەعەرەبی‌یەوە بە دەسکاری‌یەکی کەم «فوزی معلوف»

# ئاسکی غەدر لێکراو[١]

دوێنێ ئێوارێ ئاسکی نێچیرم
سکاڵای هەڵڕێژت لای دایکی پیرم
پێی گووت : کوڕی تۆ گاڵتەی پێکردم
نازانم چی‌یە چارەو تەگبیرم ؟
سەرم لە ناوچی هەشێکی ڕەش نێم ؟
هەیهەش بە سەری باوو باپیرم
وەڵامی داوە : گاڵتەی وەکوچی ؟
زوو کە پێم بڵێ کچۆڵەی ژیرم
شەرمی پێناوێ وەکو دایکی خۆت
ئاوامە بۆ تۆ ، من ژنە میرم
گۆتی : لە ژووری تەلاری باڵای
دوێنێ شەو وەکو ماوە لە بیرم
لە خشتەی بردم بە قسەی خۆشی ،
بە ووتەی وەکو : ئەتۆی دڵگیرم
هێندەی پێ نەچوو خۆم دی لەداوی ،
هێندەی پێ نەچوو خۆم دی نێچیرم
وەکو نەدیتەو برسی‌و تامەزرۆ
ئاوا کەوتە سەر لەشی پەنیرم
دەستی درێژ کرد بەرەو شەمامەم ،
یاری‌کرد لەگەڵ سێوو هەنجیرم !
نێوقەدی گووشیم بەتین و تاوی ،
بازووی ئاڵاندە قەدی شمشیرم
دوو لێوی مژیم بە زۆرەملی
لەگەڵ ڕوومەت‌و مەمکی بێشیرم

شەڕابی نۆشیم تا دوا دڵۆپ
نەشەڕابما ، نەما عەبیرم
گوڵ وەراندم ، هەنگوینی ڕێشتم
چی بەجێ نەهێشت لەناو کەوگیرم
هەموو ئەو تیرو کەوانەی هەمبوو
شکاندی نەما ، کەوان و تیرم
وەك چۆن هەوەسی لێبوو ، بەم جۆرە
پچراندی ئەلقەو قەفی زنجیرم
گەلێکم پێ گووت : بەڕۆکم بەردە
گووتی : بەرنادەم . بنێشتو قیرم !
سەیرکە شوێنی کردەوەی ماوە
لەسەر چارۆگەی وا جیرپەجیرم
ئەو کوڕی کۆشكو سەراو کاشانە ،
من کچی زنجو چیغو حەسیرم
فەرقی من و ئەو عەردو عاسمانە
ئەو بەرەڵلایەو ئەمن یەخسیرم
بە چۆن چاوو ڕوو سەیری باوکم کەم ،
یاچی بڵێم بە دایکی فەقیرم ؟
بۆ ڕاژیلەی تۆ ئاوای لێکردم ؟
بۆ وا بێ بەختو ئاوا گزیرم ؟
باوکی لەکوێیە تاکو پێی بڵێم ؟
ووتی : پێی مەڵێ ئەمن پشتگیرم
ئەگەر خاوەنی خەنجەرو شیرە ،
من بەزمانم خەنجەرو شیرم
یاگەر خاوەنی کاریزو بیرە ،
من بەبیری چاك کاریزو بیرم
من خۆم بوکێکی وەکو تۆم ئەوێ

# ئۆتۆگراف(١)

ووتی : «ئەفەرمووی لەسەر دەفتەرم
دێرێ بنووسی ئەی هونەروەرم
یا لەگەڵ وێنەت پێشکەشم بکەی
چەند ووشەیەکی ناسكو نەرم
هەتا بیدوێنم وەك کۆرپەی نیان
لەسەر خەونگەی سینەی مەرمەڕم
بەشەوان کاتێ لەپاڵ سەرنیم
نقوم ئەبمە ناو خەوی بێپەڕم(٢)
خەونی خۆش خۆشی پێوە ئەبێنم
ئەڵێی نەخشاوە لەنێو جگەرم
زۆر گرنگترە لایمنی شەیدا
لەزێرو زیوو دڕو گەوهەرم
ووشەی ناسکت سارێژی زامە
ووشەت ئەخەمە سەر چاو و سەرم
خەرمانەیەکی تریفەدارە
لەئاسۆی گەشی گیانی بێ زەڕم
چریکەداران خولقاون تاکو
کرنۆش بەرن بۆت لە بەرامبەرم
بەلای‌منەوە تۆ لە (مەولەوی)
شارەزاتری بەهەستی گەرم
بە نیرگزجاڕی گوڵشەنی والام ،
بە چیمەنزاری گوڵو شەستپەرم»
- کەئەمانەم بیست ، ئەم چریکانە
لە گوڵەندامی بالا عەرعەرم

وەڵامم داوە بەرە و ڕووی پڕی ،
بەقسەی پڕ لە ڤیان و شەرم :ـ
(ببورە ، لابە ئەم «ئۆتۆگرافە»
لەبەر دیمەنی بت و پەیکەرم
من و (مەولەوی) عاسمان و ڕیسمان
ئەو گیان و جەستە ، من ئێسق و چەرم
کەی من بووم بە جێی شایەستەی زاران ؟
کەی من وەك ئەڵێی خاوەن هونەرم ؟
کەی من پاساری چریکەی تەڕم ؟
کەی من شاکاری کێش و لەنگەرم ؟
ئەی خوێنەوەری تەڕترین چامە
لەنێو ، دڵتەڕان ئەی خوێنەوەرم :
لەکوێوە هاتی بۆ لای‌من توخوا
من شالورێکی بێ باڵ و پەڕم ؟
هەڵبەستی پێشووم خستە ئاگردان ،
گواڕیمەوە بە ژان و کەسەرم
سوفرەی مێواتم لولدا بە چوستی
نە نارنجم ما ، نە بەی شەککەرم
ژێی ژەنەم پساند، نە نەی، نە نەی‌ژەن،
نە دەنووکم ما ، نە باڵ و پەڕم
تا ئەو گوڵانەی لە گوڵدانم بوون
هەمووم دانە بە رچەقۆ و نەشتەرم
چیم لەبەهارە ، لەگەڕانەوەی ،
لەبووژانەوەی داری بێ بەرم ؟
بەڕێم داو ڕۆیی بەو ڕێیەی کەوا
لەسەریا ڕۆیی شۆخی دلبەرم
ئەی گەشترین گەش لەنیوان گەشان

تۆ ئەی جوانترین تابلۆی پۆستەرم
بێتو بدوێی لێم ، لە هۆنینەوەم ،
لە نەوای سازی نابەختەوەرم
جیاوازی‌یەکی وا دێتە بەر چاوت
لەمیان من و تاسەی بێ پەڕم
لەمیان من و بیر و ئەندێشەم ،
لەمیان من و ڕەنگی سێبەرم
ئەتوانم بەیەك دێڕی هەڵبەستم
جیهانێ دانێم ، یا جیهانی بەرم
هونەروەرانی بارەگای هونەر
قوتابی منن ، منیان ڕابەرم
شالووران یەك یەك لەژێر دەستی‌من
دەرچووینە بۆیە بلندەسەرم
نەوجوانانی دونیای جوانان
دەستکردەی منن ، من ڕازێنەرم
هەتاکو ئەوەی زایەڵەی زەنگم
ئەخاتە زەنگی لێی باخەبەرم
بەرهەمی ئەوەی پەسندی ئەکەی
چامەی بەتام و هۆنراوەی تەڕم
هەندێ بۆیاخن چنراون لەوێ ،
لەسەر کاغەزی شین و ئەسمەرم
لەخشتەت نە با تروسکەی گەشم ،
بروسکەی لەشی زێڕ و زەبەرم
هەمووم هەنجنی بەسەری پەنجەم
دڕانم لەڕك ڕەنجی بێوەرم
خستمە چاڵی پڕ لە خۆڵەمیش ،

کولخەنی پڕ لە ژیلەمۆی گەرم
هەڵمەتم بۆ برد وەکو جەنگاوەر
سەرسام مەمێنێ کە جەنگاوەرم
چەکی من پیتەلە مەیدانی شەڕ
بەپیت شەڕ ئەکەم لەگەڵ شەڕکەرم
سەنگەرم حەزبوو هەروا پیشتەوان
کەحەزم ڕما ، ڕما سەنگەرم
پەرستگام دانا بۆ گوڵپەروەران ،
بەڵام لەدەرگای دیم دەربەدەرم
ئەمەیە ئەی شۆخ چیرۆکی حەزم
ئاخۆ لەمەولا شیعری ئەزبەرم
بەهای ئەمێنێ وەك جاری جاران
لەلای تۆ یانا ئەبێتە تەرم ؟
فێلم لێمەکە بەقسەی شیرین
ڕاستیم پێ بڵێ تۆ و پێغەمبەرم)
ووتی : تاماوم لەم جیهانەدا
ئەیکەمە هاوڕێی ژین و سەفەرم
بەسیمی زەردو داوی ڕەنگاوڕەنگ
بۆت ئەینوسمەوە لەسەر کەمبەرم
لەلای زێڕنگر ئەیکەم بەپشتێن
بۆ باریکایی قەدی عەڕعەڕم
چونکە مەلێ بووی لەدەوروبەرم
چریکەت ئەهات بۆ دەشتودەرم !

---

(١) پارچە هەڵبەستێکی (نزار قبانی) یە ، بە دەستکاری کردوومەتە کوردی ، بەشێوەیەکی وا کە بگونجێ لەگەڵ میزاجی کوردەواری .

# داخ

لەگوڵشەندا لەگەڵ دەرچوونی خۆری شەنگ لەئاسۆدا
بەیادمکە لەوێ گیانە ، ئەمن ئامێزی باڵاتم
بەرامبەر کۆشکی چین چیێت وەکو نەی ژەن لەشانۆدا
هەتاماوم ئەناڵێنم پەرندەی ئاڵ و واڵاتم
چریکەم هێندە شاکارە لەناخی پاکی شەوبۆدا
ئەبێتە بۆی گیاجاڕت گوڵاوی ناخی لالاتم
نەخێر ، نابێ ، لەیادت کەم گوناهی تۆ لەئەستۆدا
گوناهێکی گەلێ زاڵە ، گوناهباری سکاڵاتم
نەکەی ساتێ لەیادمکەی

ئەبێ هەرچۆن بێ شادمکەی ...

بەدیدارت هەتاماوم لەژێر سنجاقی ئاڵاتم !

*

لەچیمەندا ، لەکاتێکا فریشتان ڕێز ئەبن تیم تیم(١)
ئەوەستن چەشنی ئاوێنە بەرامبەر دیمەنی شەنگت
پیاڵەی عەنبەری بۆندار ، گوڵی پێچراو بە داوی سیم
لەسەر پەنجان بریقاوە بەبۆنەی ئاتەشی ڕەنگت
لەوێدا لەوزەماوەندە جوانەی تۆ کەتیایا نیم
لەگەڵ پۆلی گوڵەندامان بگێرم بەزمی ئاهەنگت
بەیادم کە لەنێو شۆخان ، لەدونیادا ئەوەی من دیم
لەدوای تۆ هات و بتدیبا ئەگریای پڕ بە دەردەنگت

نەكەی خۆڕا لەیادم كەی

ئەبێ هەرچۆن بێ شادمكەی ..

لەكۆسارت ئەمن هەردەم ئەبینم ڕەنگی بێ ژەنگت !

*

لەبەندەندا كە باڵندەی هونەر خوێندی لەتەك پەردەم
چریكاندی بەگۆرانی لەنێرگزجاڕی ڕابردووم
لەباخی پڕ لەتیشك و تەم دیاركەوت شەونمی هاودەم ،
شەوی ماتەم لەیادیچوو گەڵای ئاواتی بابردووم
لەیاڵان لالە وەك بەهەرەم درەوشاوە وەكو خەندەم ،
گوڵاڵە وەك تروسكەی شەم وەكو هاواری یەك و دووم
بەیادمكە وەها هەردەم ، ئەتۆ لێرە لەزار و دەم
وەكو ویردێكی باڵایی لەسازی بیرەوەی زیندووم
نەكەی شاكچ لەیادم كەی ،

ئەبێ هەرچۆن بێ شادمكەی ..

لەگوڵزارت ئەمن هەردەم لەداخی تاڤ ڕابردووم .

*

لەدەربەندا كە كەشتیی نەوجوانان هاتە سەر دەریا
لەهەرلا نەوجوانێكی وەكو خۆت هاتە دیداری

# ئەی دڵ

ئـەی دڵ ، لەبـەرچی لەدونیـای بێبـاك
ئاوا داماوی ، كـۆستكەوت و خـەمناك ؟
لەبـەرچی ئاسـۆت خۆی ڕەش ئـەنوێنێ
هــەروەكـو ئـاسـۆی دڵی ئـەژدهـاك ؟
بـۆچـی ژەنـیـنـی تـەلت نـاڵـیـنـە ؟
وەكـو نـالێـنی كـونـدبـۆی نـاپـاك ؟
هــەتـاكـو دوێنێ دیمـەنێبـووی تـاك ،
گـوڵشەنی بـووی بـۆ هـەر شتێكی چـاك
تێسـتـاكـەش ئـاوا سیس و ژاكـاوی ،
نـەگـەڵای سـەوزت مـاوە نـەپـاداك
هــەمـیشـە لەگـەڵ چـینـی بێـداران
ئـەگـەڕێی وەكـو زاڕۆكـی بـێداك
ئـەڕۆی ئـەپیـوی دەشتـی نـاكـامی ،
دەشتی سـەرسـامی ، دەشتی تـرسنـاك
بـەكـام خـەنجـەرێ هــەنجنكـراوی ؟
بـەكام نـەشتـەر و كـام تیـری بێبـاك ؟
كـوا دڵارامـی تـاڤ جـوانـیـت ؟
كـوا گـوڵەنـدامـی زیـرەك و چـاڵاك ؟
كـوا بـاخـەوانـی بـاخی ئـارەزووت ؟
كـواپـاسـەوانـی مێـخـەك و لای‌لاك ؟
كـوانێ مەی ؟ كـوانێ مـەیگێـروبـادە ؟
ئـازارت دەرخـەن لەگـیـانی هـیـلاك ؟
نە شوێنی نـەیژەن ، نە مێـوەی دەگمەن
ماوون ، نە مێـرگت ، نەچـڵ ، نەتـەپلاك

هـەمـوو سـەرتـاپـا لەقـوڕگی گـەردوون
بـوونـە ئـازووقـە و پـێخـۆر و خـۆراك
ئـەی دڵ ، دڵێ بـووی بـەوەج و ئـازا
نـەئـەتـرسـای لەگـەرداوی سـامنـاك
وەك «حـەزیا» وابـووی بەرامبـەر زۆردار
وەك (كـاوە) وابووی بـەرامبەر «دەحـاك»
گـەر شـێر چـرنـۆكی لەئـەوكت نـابـا[1]
دەم و دەست ئـەمرد ، ئـەبوو بـە كـەلاك
دڵێ بـووی دڵان لەدەوری سـەری
ئـەسوڕانـەوە جـووت‌جـووت و تـاك‌تـاك
نـەوات لەگـوێـیـان دەنـگـی ئـەداوە
هـەر وەكـو نـەوای شـاكـارێكی چـاك
ئێستـاكـەش ئـاوا لەنێـو گێـژی خـەم
خنكاوی ، دووری لەخۆشی‌ی ڕووی خـاك
ئـەی دڵ ئەتـۆ و خەم بـەڕەسـەن بـران
لەیـەكتـر ئـەكـەن بـەسـەر و گـۆلاك
ئـەشكـەنجـەت هێنـدە زۆر و زەبـەنـدە
دانـامـركـێ بـە ئـەفـیـون و تـریـاك
هـەردووك پێكـەوە بـەیـەك شیـری تـاڵ
ڕواون لەسـەر یـەك خـۆڵ و خـاشـاك
هـەر دووك پێكـەوە بـە یـەك نـان و دۆ
گـەورە بوون بـە یـەك لەنگـەری و مـلاك
ئـەی دڵ لێـدانـت زۆر تـونـدو تـیـژە
وەكـو لێـدانـی دڵێـكـی بـێ مـاك
بـەزگمـاك وابـووی ، ئـا بـەم شێـوەیـە
بـەزگمـاك وابـووی ، بـەڵێ بـەزگمـاك
جیهـانت تـەمـە زینـدەگیت گـریـن ،

# سبەی

سـبـەی بـەزەبـری پـایـزی دڵ ڕەق
ئـەوەرێ گـەڵای نـەمـامـی شـەنگـت
لالەی سـواوت بـە ڕەنـگـی شـەبـەق
سیس ئـەبێ لەسەر گـردی ڕەنـگ ڕەنگت
لەژێـر چـنـاران کـەوی قـەقـبـەقـەق
ئـەنـاڵێـنێ بـۆ وێـنـەی قـەشـەنگـت
وەیشـومـەی ئـاکـام بـەرەو دەشتی زەق
ڕاوئـەنێ سـوپـای پـەپـولەو هـەنگت ..
بـێبـەشـت ئـەکـا لەنـەوجـەوانـی
ئـەتخـاتـە گـەرووی خـەمی شـەوانی !

*

سبـەی لەئـاسـۆت شـالوری شـاکـار
هـەڵئـەفرێ بـەشـوێن هـۆگـری فـرپـو

زەویت چۆڵ ئەبێ ، نەهاودەم ، نەیار
دێنە دیداری ڕووباری هەتیو
دڵداران جووت ، جووت کۆچ ئەکەن بۆشار
لەپاش نەمانی بەهاری وەریو
جێی گوڵەمێخەك پڕ ئەبێ لەخار ،
نەگوڵ ئەمێنێ نەئاوێنگی زیو
ئینجا داڵەڕەش کاتی بەیانی
دێ ، سەما ئەکا لەڕێگەی کانی !

*

سبەی کڵافەی خەرمانەی خۆرت
وون ئەبێ لەژێر تارای تەمی ڕەش
لەشکری هەورو گەواڵەی زۆرت
دائەخا پێلۆی گەلاوێژی گەش
لەناو ئەشکەوتی قاوەییو سۆرت
پاڵئەداتەوە وورچی دڵ بەغەش
لەجیاتی قازو قوڵینگو پۆرت

# نەورۆزو بەهار

وەرە ، بۆم پڕکە بادەی ڕەنگاوڕەنگ
بەشیلەی گوڵان بەهەنگوینی هەنگ
وەرە دانیشین لەلای شاکاران
لەنێو باوەشی بەهاری قەشەنگ
وەرە گوێبگرە شامەلی غەزەل
لەوێ ئەخوێنێ بەخۆشترین دەنگ
وەرە بڕوانە چۆن هەڵدەنیشێ
لەدەوروبەری گوڵێ شۆخو شەنگ
چۆن ئەچریکێنێ لەئاست خەرمانەی
بێوەی بترسی لەچقڵی خەدەنگ
وەرە سەیرکە پەپولەی ڕازاو
چلۆن هەڵدەفرێ لەدۆڵی لاسەنگ
لێرە مەی لەوێ پیاڵەی زیوین
لێرە نەی ، لەوێ دووزەڵەی بەرچەنگ
لێرە دەهۆڵو زوڕنای چۆپیگێر ،
لەوێ ڕاوکەرو شاسواری چەلەنگ
شەونم گەردانەی گەردنی بووکە
لوتکە زاوایە فرندە ئاهەنگ
جۆگە هەروەکو بەللووری ڕۆندار ..
دیارە لەنێو باخی بێخەپەنگ
پەلکەڕەنگینە لەشێوەی باڵات
وەستاوە ، شێوەی باڵای پەری مەنگ
وەرە ئەی زەری نێونیگا گەشەنگ
گەشەنگ هەروەکو تروسکەی گەزەنگ

وەرە مەستت کەم لەنەورۆزی نەو
بەهەڵبەستی ڕێك ، نەك هەڵبەستی لەنگ
وەرە پێکەوە ئەم دیمەنانە
نمایش بکەین فرسەنگ بەفرسەنگ
وەرە سەیرکە چاوگەی سەهۆڵان
چۆنە لەنێوان درەختی زەبەنگ
بەهاوین بەفراو بەزستان گەرماو ،
بەپاییز خۆشاو ، بەبەهار گێژەنگ
وەرە سەیرکە کچۆڵانی دێ
خەوتوونە لەنیۆ گیاو گوڵو بەنگ
لەدەوروبەری خەرمانەی ڕوویان
شالووری مەدهۆش کەوتوتە دەردەنگ[1]
دەنووکی «نۆتە» دڵی «سمفۆنی»
مەلان «کۆرس» بەخۆی بۆ تیپی پێشەنگ
دارمێوە وەکو تەلاری خانراد
دیارە ، مێوە لەشێوەی پەڕەنگ
ئەڵێی قەندیلی ژووری‌یارانە ،
یا ئەستێرەیە لەنێو شەوەزەنگ
زەوی سەراسەر وەك بەهەشتێکە
بێشوورەو دەرگەو پەرژینی بێژەنگ
لەلایێ بازو کۆتری کێوی
لەلایێ قازو قولینگی دەبەنگ
تۆپەنگ نەخشاوە بەگوڵیووردوورد ،
ئەڵێی کڵاوی لاوانە ، تۆپەنگ
لەهەر لایەوە ڕەیحانەو لالە
لەهەر لایەوە پەروانەو مێشهەنگ
ئاسکۆڵان پۆڵپۆل لەخەونگەی خۆش

ئەگەڕێن دوور لە ڕاووکەرو تفەنگ
لە هەر ماوەیێ زەماوەندێکە
لەگەڵ هی دڵم یەك ڕەنگو یەك زەنگ
هەر وێنەگرە وێنەی ڕووباران
وەرئەگرێ وێنەی شەتاوی بەپەنگ
وەرە ئەی لەلەی دەمی نازداران ،
وەرە ئەی ژەنەی شمشاڵی گەشەنگ
وەرە با ئێمەش بنشین لێرە
لەئێستاوە تا کاتێکی درەنگ
لەلای نێرگزو مێخەکو شەوبۆ ،
لەلای حاجیلەو بەیبونو گولەنگ
وەرە با ئێمەش لێکیتر بئاڵێین
وەك جووتێ کۆرپەی جوانو هۆشەنگ
وەك چۆن گەلای دار خۆی دەئاڵێنێ
بەباسکی نارنج ، بەلاسکی لالەنگ
وەرە مەترسە لەمنی بێگەرد
لەمنی ژیرو چاپووکو چەڵەنگ
من بەهەستێکی قوڵو فراوان
سەیری تۆ ئەکەم نەك هەستێکی تەنگ
لەو گەنجانە نیم گوڵ هەڵوەرێنم
بۆ شەوێ یاخود بۆکارێکی گەنگ
ڕەوشتم هێندە پاکو خاوێنە
بۆلاوان بوویتە دروشمو جەڤەنگ(٢)

**گەلی عەلی بەگ : ١٩٥٤**

---

دەردەنگ : صدی
جەڤەنگ : رمز

# گازانده[1]

ووتی : لەخۆشەخەوی بەهاران
خەونی خۆشت دی بەگوڵعزاران
ووتم : نا نەخێر بۆ ئەوینی تۆ
شەوان بێدار بووم لەگەڵ بێداران
ووتی : لەیادت نەمابوو دیدەم
لەبەر هات و چۆی دیدەخوماران
ووتم : نا ، نەخێر هەر لەیادم بووی
بەڵام پەشۆکام بەیادگاران
نەبۆ ، نەهێرۆ ، لەبەر یادی تۆ
ئەهاتە یادم ، نەگەڵای داران
تا جوانکاریم وەکو هەتیوان
جێ مابوو لەوێ ، لای جوانکاران
ووتی : خۆ ئاگات لەخرپەی دڵم
نەمابوو ، بەڵام مابوو لەیاران
ووتم : نا ، نەخێر ، هەر خۆم ئەزانم
چۆن بۆت ئەوەستام لەپاڵ چناران
برۆ بپرسە لەچیمەنزاران،
لەنێرگزجاڕو لەمێرخوزاران
شاکاران پۆلپۆل ئەگریان بۆ من ،
کەبۆت ئەگریام لەبەر شاکاران
گوڵو نەستەرەن گەواهی منن ،
ئاواش پەپولەی نێو گیاجاڕان
بپرسە لەوان ، ئەوان ئەزانن ،

ئـەوان تـێ ئـەگـەن لەهـەسـتـیـاران
ووتـی : واز . ووتـم : لەگـونـاهـبـاری
وازم هـێـنـابـوو بـۆ گـونـاهـباران !
نـەك لەتـۆ ، نـەك لە شـۆخی کـڵاوزەڕ ،
نـەك لەتـۆ ، نـەك لە ئـاسکی بـنـاران
تـاسـەی ئـەویـنـت لەنـێـو دڵی مـن
بـبـوە چـریـکـەی مـەلی هـەواران
سیمفـۆنیـیێ بـوو ، نـەبـووەو نـابێ
لەزەمـاوەنـدی تـریـفـەداران
کـوا شالوور ؟ کـوانێ ئەومـەلەی کـەوا
ئـەی‌هـێـنـا لەرزیـن دڵی هـەزاران ؟
کـوانێ ئـازۆقـەی مـوچـڕك‌و تـاسـەم ؟
کـوانـێ خـۆراکـی ڕەگ‌و دەمـاران ؟
ووتی : گـۆڕابـووی ؟ ووتم : لەگـیـانم
خـۆشی نـەمـابـوو بـۆ هـەرزەکـاران
لەبـەر دووری تـۆ بـزەی سـەر لیـوٚوم
دیـاربـوو هـەر وەك بـزەی هـەژاران
ووتی : نهێـنیت خـۆ ئـاشـکـرا کـرد ؟
ووتم : نـەنگی‌یـە لام قسـەی خـواران
نـهێـنـیـت وەکـو شـەونـم ئـاوابـوو .
وەکـو ئـاونـگـی گـوڵی بـەهـاران
ووتـی : بـەدکـاران وایـان‌کـرد کـەوا
نـەگەیتـە ئـەنجام وەی لە بـەدکـاران !
ووتـم : تـۆڕێـتدا ئـەوان وابـکـەن
نـاوم بـخـەنـە نـاو تـاوانـباران
ئـەگـەر تـۆ ئـاوات نـەکـرد بـوایـە

# کچۆڵانی کورد

لاسایی عبدالله مصباح

---

سەرنج ڕاکێشەری یاران ، نیگاری هەستیارانن
پەری دەربەندو ڕووباران ، فریشتەی لالەزارانن
بە دیدە شەونمی گوڵشەن ، بەکوڵمە ڕەونەقی جەوشەن ،
بەخەندە گەوهەری ڕەوشەن ، بەدەم خونچەی بەهارانن
لەسەر لوتکەی جوانیدا ، لەچۆڵ و ئاوەدانیدا ،
کەشەو خەونی خەوانیدا ، تریفەی رووی ستارانن
هەموو پەیکەری تاشاون ، بە دڕو لولو نەخشاون ،
هەموو زێڕی درەوشاون ، خەناوکەی ڕۆژگارانن
نەوەی خەڵکی بەهەشتانن ، بزەی ووردو درشتانن ،
لەتیرەی قنج و قشتانن ، نەژادی بەختیارانن
خەڵاتی بێ خەڵاتانن ، گزنگی ڕۆژهەڵاتانن ،
تروسکەی سەر وولاتانن ، بڵێسەی زانیارانن
بە باڵا عەرعەڕی شەنگن ، بەوێنە دڵبەری مەنگن ،
بەبرژانگ لەشکری جەنگن ، بەقەد شتلی نزارانن
دەمێ داخی هەناسانن ، دەمێ ناخی کەساسانن ،
دەمێ گڵپە لەتاسانن ، دەمێ کامێ هەژارانن
دەمێ زام و دەمێ ڕامن ، دەمێ ئیلهامی ناکامن ،
دەمێ گیانی دلارامن،دەمێ ئاسکی بنارانن
دەمێ ئۆقرەو فەراموشن ، دەمێ ئازاری خامۆشن ،
دەمێ ترش و دەمێ خۆشن ، دەمێ خەمخواری یارانن
بەدیمەن نەوبەری حورن ، بەگەردن نەخشی کافورن ،
بەلەنجە سازو سەنتورن ، بەدەنگ ئاوازی تارانن

تــەمــاشــاکــەن چــی نــەخــشــێــکــن چــی نــوشــتــەجادووبەخشێکن ؟
چی جێگەی داخو خەوشێکن چی موچڕکی دەمارانن ؟
چــی خــاوەن ڕەوتو ئــەنــدامــن ؟ چــی نــەشئــەی عــارەقو جامن ؟
چی ویستو خــواستو ئــەنجــامن ؟ چی تــاقــانــەی نیگارانن ؟
بەسینە وەك شەمامو بەی ، بەقاقا وەك ڕەبابو نەی ،
بەعیشوە وەك شەڕابو مەی ، شەماڵی دەم ڕووبارانن
خــرۆشی زاری شالوورن ، نــەوای باکــوورو باشــوورن
(بــەیــات)و (ڕەست)و (مــاهــور)ن ، ژەنــەی قــوڕگی هوزارانن[1]
هوزاری چی و کناری چی ؟ خرۆشی سازو تــاریچی ؟
گــوڵاڵەو گــوڵعــزاریچــی ؟ دیــاری نێــو دیــارانــن
بەشێوە وەك ئومیدیدڵ ، بەپەرچەم چەپکەیێ سونبوڵ ،
بەگۆنا وەك پەڕەنگی گوڵ ، وەکو شەوبۆێ بەهارانن[2]
خــوداوەنــدی جــوانــانن ، تــەلیسمی دڵنیــانــانن ،
لەئــاورینگو لەگیــانــانن ، نمــونــەی ووردەکــارانن
بــەزستان ڕۆژی ســامــاڵن ، بــەپــاین مێخــەکی ئــاڵن
خەیاڵی شیعــری «پیربــاڵ»ن ، چریکــەی گوێو زارانن

هەولێر : ١٩٦٠

---

(١) «بەیات» و «ڕەست» و «ماهور» : سێپارچە گۆرانی ڕۆژهەڵاتییە
(٢) پەڕەنگ : بەڕای قەڵەو = پشکۆ

# وەڵامی نامە

## گۆرانی

دوێنێ لە باخی مەستم
نامەت گەیشتە دەستم
پێی جولایەوە هەستم
ئەی یاری خوشەویستم

لەدوای خوێندنی نامە
ئەم پەیامە بەتامە
نووسیم بەنووکی خامە
وەڵامی پڕ مەبەستم

ووتم : وەك چۆن ئەتەوێ
ئاوا بۆت دێمە ئەوێ
وەك خەونی خۆشەخەوێ
ئەڵێم : ئەی بوکی مەستم ..

وا بەرامبەر پەنجەرە
وەستام لێرە ، لەمبەرە
دە خێرا زووکەوەرە
گوێ دەرە زەنگی هەستم

گوێ دەرە چرپەی تەڕم
ژەنەی گیانو جگەرم
تۆ بت ، من بتپەرەوەرم
تا ماوم ئەتپەرستم

هەڵسە کامی دڵتەران
ڕوا بە بۆی نەستەران
وەرە وەکو ئەختەران
بڕوانە دۆڵ و بەستم ..

چی گوڵزارێکی شەنگە ؟
پڕ لەچراو پەڕەنگە !
دە هەڵسە ، دەی درەنگە ..
نەوەك بڕوا لە دەستم

بامنیش وەك سازو نەی
لەسای داری خۆخو بەی
لەدەنگ دەم بڵێم ئۆخەی
خۆ گەیم بە مەبەستم

دەربەندیخان : ١٩٥٤

